# رووخا بەلاَم..!!

**هەورامان محەمەد**

پێرێ ئێوارێ لەگەڵ هاوڕێیەکمدا بۆ پشوودانێك بۆ ماوەیەك لە "پارکی منارە" بووین و هەریەکەمان بۆ ماوەیەك بە خوێندنەوەی رۆژنامەیەکەوە خۆمان سەرقاڵ کردبوو، جار جارەش هەوایەکی پاکمان هەڵدەمژی و دەمان روانیە سیمای پارکەکە و لەناخەوە دەستخۆشیمان لە کاری جوانی شارستانیەتیدا دەردەبڕی! بەلاَم هاوڕێیەکەم لە پڕێکدا گوتی: سبەینێ دەوام نیە و ئەمشەو ئەتوانی بە ئیسراحەت گۆشەکەت بنووسیت و بیبەیتەوە بۆ راپۆرت! شۆخیتان لەگەڵدا ناکەم، من پێم سەیر بوو کە ئەو گوتی پشوە، هەربۆیە یەکسەر وتم پشوی چی؟!

وتی: عەیبە هەمووکەس ئەو قسەیە بکات نابێ تۆ بیکەیت، چونکە تۆ گۆشە نووسیت و رۆژانە دەبێت ئاگاداری هەموو رووداوەکان بیت، ئێ سبەینێش یادکردنەوەی رووخانی دەسەلاَتی دیکتاتۆرە... وتم وایە بەلاَم من لەبەر ئەوەی لەدوای رووخانی دیکتاتۆرەوە هەست بە گۆڕانی جەوهەری سیاسی ناکەم لەلایەن ولاَتانی زلهێز و باڵە سیاسیەکانی عێراق بەرامبەر بە کۆمەڵگا بۆیە لە خەیاڵی پشوودا نیم و وەرە پێشم بڵێ چ شتێکی چاوسوورکردنەوەی ئازادی رادەربڕین دانانی کەسی نەشیاو لە دەسەلاَتدا و هتد..

هەموو ئەمان لەنێو خانەوادەی سیاسی بەعسیزمی عێراقدا بوونیێن! ئێستا کارەساتەکان زۆر لەوە گەورەترن و هەموو ئەم هەنگاوە پێشێلکاریانە دابەش سەر ئەحزابەکانی ناو حوکمی عێراق بوە. ئەمە جگە لەوەی کە داهاتی نەوتی عێراق لەلایەن (ئەمریکا و بەریتانی)یەوە لەسەر حیسابی بەناو رزگارکردنی گەلانی عێراقەوە لووش ئەدرێت و کەسیش لەپێناو لەق نەبوونی بەرژەوەندیەکانیاندا ئامادە نین راستیەکان بدرکێنن و رزگارکردنەکەش قۆناغی خۆی گۆڕیوە و چوەتە قۆناغی داگیرکردنەوە تەنانەت هیچ بڕیار و راسپاردەیەکیشی بۆ ئایندەی سەربەخۆیی ئەم ولاَتە نەهێشتوەتەوە!!

باسکردنی هەنگاوەکانی ئەمڕۆی ولاَتانی زلهێزیش بۆ کۆمەڵگای عێراقی بە گشتی و کورد بەتایبەتی لە روانگەی ئازادی و دیموکراسی خوشگوزەرانی، جگە لە سروودێك کە ئاوازەکەی بریتییە لە بازاڕی ئازادی سەرمایەداری کە ئەم کۆمەڵگایە تا بینەقاقای لە چەوساندنەوەدا غەرق بوە، هیچ دیکە نیە!!

ئەوەی سەرەوە کە باسمان لێوە کرد وەزعی عێراق بەگشتییە. دەربارەی کوردستانی خۆشمانەوە دەتوانین بڵێین بە هۆی باری ئارامییەوە مژدەی هەڵمژینی هەناسەیەك هەیە، بەلاَم کارەساتە ستراتیژیەکە لەوەدایە ئەو بەرپرسانەی کە لەناو لیستی هاوپەیمانیەتیدا لەلایەن هەردوو سەرکردایەتی حیزبەوە لەنێو دامودەزگا هەستیارەکانی ئەمڕۆی حوکمی عێراق دانراون.. زۆرینەیان زۆر بێ ئاگان لە کێشەکان و گۆڕانکاریەکاندا.

هەمیشە ئاگایان لە پاراستنی پۆستەکانیان مووچە و دەرماڵەکانیانە نەك کێشە و ئایندەی کورد لە بەغدا. بەڵگەی هەرە زیندووش ئەوەیە هەرکاتێك بەڕێزان سەرۆك کۆماری عێراق و سەرۆکی هەرێم کە لە راگەیاندنەکاندا قسە دەکەن ئەوجا ئەو بەرپرسە کوردانە لە بەغدا دەکەونە خۆیان و بەئاگا دێنەوە.. واتە ئێستاش هەموو ئەرکەکە تەنها لەسەر شانی ئەو دوو بەڕێزەیە نەك ئەو برادەرانەی کە تاکوو ئێستاش لە خەونێکی قووڵی تەنها مووچەدان!!

رووخا .. رووخا، بەلاَم ئەگەر تا دوێنێ میراتی بەرژەوەندیەکان وەك باسمان لێوە کرد تەنها لای بەعس بوو بێت ئەوا ئێستا لای (ئەمریکا و بەریتانیا و سوونە و شیعە و شۆوێنیزمی عەرەبی)یە و ئەو ئەرکە کە زۆر قوورسترە لە دوێنێ و نابێ تەنها بە خەوخەیاڵە بیربکەینەوە و بەتەنها بە پشوویەك وا بزانین ولاَت شامی دیموکراسییە!! چونکە هیچ ئایندەیەك رۆشن نییە و بەرژەوەندییەکانیش وەك میرات دابەش بووە و کوردیش تا ئێستا بەدوای میراتی خۆیدا دەگەڕێ .... بەلاَم!!